محمد البدري :-

# یەکەم ڕەخنەگری خۆیەتیو ڕەخنەی لایەنگر تاوانبار دەکات



إلهام عبد الكريم
دیدەنی لەگەڵ کردووە

محمد البدری شاعیرێکی ناسراوو ئەدیبێکی ناوداره ئەدیبەکانمان ریز لە ناوەکەی دەگرن، هەمیشە لە بزوتنەوەدایە لە کۆڕی ڕۆشنبیریو ئەدەبیدا، بەرهەمی بە زمانی عەرەبیو کوردی فرەیەو دەربارەی جووڵانەوەی ئەدەبی کوردی بیروڕای ناوازەو تایبەتی هەیە.

چاومان پی کەوت تا لەم بارەیەوە ڕای بزانین و بەڵکو چەند وتووێژێك لەگەڵ ئەدیبەکانمان دا بکەین بە نیازی جووڵاندنی باری ئەدەبیو بە گوڕخستنی ڕێڕەوتی ئەدەبی کوردی.

● بەیان:
با ناسنامەی محمد بەدریی ئەدیب بخەینە دوای وتوویژەکەمانەوەو با لە سەرەتای دەست کردنە نووسینی نووسەر بپرسین... ئایا کەی لەگەڵ وشەدا پەیوەندیتان بەست؟

● محمد البدري:
پەیوەندیم بە وشەوە دەگەڕێتەوە دوا دوای ساڵانی پەنجاکان کەوا بە زمانی عەرەبیو کوردی شیعرم نووسیو ئیستا چەند کۆمەڵە شیعرو چیرۆك و لیکۆڵینەوە دەربارەی نەریتی گەلان و ئەفسانەم هەیە. هەندێ چمکی ئەدەبی جیهانیشم بۆ کوردی وەرگێراوە.

● بەیان:
شوێنی ڕەمزو ئەفسانە لە شیعری تۆدا چی‌یە؟

● محمد البدري:
هەموو شیعری من لە ئەفسانەو ڕەمزەوە هەڵ دەقوڵێ و لای من ڕەمز لە واقیع دوورناکەوێتەوە، هەوڵیش دەدەم سوود لە ئەفسانە وەربگرم و بەکاری بهێنم، واتا بیکەم بە پردێك بەرەو نیازی خۆم.

● بەیان:
کام ئەفسانە کار لە محمد البدری دەکەن؟

● محمد البدری
ئەو ئەفسانەیەی کە گیانێکی تازەی بە بەردا دەکەم نەك ئەو ئەفسانە مردووو ئەزۆکانەی کە بە کەڵك نایەن. واش دەبێ گوێ بە کۆتاهاتنی ئەفسانەکە نادەم بەڵکو ئەوەی بەکەڵکم بێت ئەوەی لێوەردەگرم و بە دووریشی مەزانە کۆتایی‌یەکە هەڵگێڕمەوەو گیانی نەوەستان و هەمیشەیی بە بەردا بکەم.

بەیان:
دیارترین ئەفسانەکانی ناو شیعرت کامانەن؟

● محمد البدری:
ئەفسانە کوردی‌یەکانن. چونکە زۆر، دەوڵەمەندن و پەندی جوانیان تێدایە. من بە شێوەیەکی گشتی واتا وەکو چوارچێوە بۆ زۆر شیعرەکانم بەکاریان دەهێنم.

● بەیان: بە ڕای تۆ ئەرکی ئەدەب چی‌یە؟

● محمد البدري: ئەدەب بۆ ئەوەیە خزمەتی واقیع و خزمەتی

مروڤ بکات.

● **بەیان:** ئایا ڕێبازە جۆربەجۆرەکانی ئەدەب ئەم ئەرکە بەجێ دێنن؟

● **محمد البدری:** نا، هەندێکیان بیر تێك دەداو بنیات دەڕووخێنێ. ئەگەرچی لە هەموو شەپۆلە ئەدەبی‌یەکان ئاگادار دەبم و لێیان دەخوێنمەوە، بەڵام بە مێشکێکی وریاوە سەودایان لەگەڵ دەکەم نەوەکو بکەومە ژێر کاریگەرییانەوە.

● **بەیان:** لەو بڕوایەدایت خۆت لەم ڕەفتارە کەڵکت وەرگرتبێ‌و بە شیعرەکانت ـ بۆ نموونە ـ خزمەتی واقیعت کردبێت؟

● **محمد البدری:** ئەی... شیعر، بەڵکو ئەدەب بە گشتی بۆ چی‌یە ئەگەر خزمەتی واقیع نەکات؟

بەرهەمەکانم روونن، وێنەکانم ڕووناکن و کاریگەرییان دیارەو بە لای ئەمو مژی‌و گری‌و گۆڵی دەست ئەنقەستەوە ناچم، بە دوا ـ وەکو عەرەب دەڵێ ـ لسهل الممتنع دا دەگەڕێم و من کەوتوومەتە ناو گێژی خزمی کۆمەڵ و خەمی مروڤ و ناتوانم لێی دەربازبیم، لێرەوە پێش هەموو شتێك من بە دوای ڕاستەقینەدا عەودالم.

● **بەیان:** تەوەرەی دووەمی وتوویژەکەمان با باسی جووڵانەوەی ڕەخنەگری بێت. با بڵێین یەکەم ڕەخنەگری تۆ کێ‌یە؟

● **محمد البدری:** خۆمم. خۆم یەکەم ڕخنەگری بەرهەمی خۆمم. هەر کە شیعرێك دەنووسم ئەگەر بە دڵم بوو وڵێی ڕازی‌بووم ئەوە بە سەرکەوتووی دادەنێم، ئەگەرنا لە بیری دەکەم و بە سەرنەکەوتووی دەژمێرم.

● **بەیان:** شوێنی ڕەخنەی کوردی لە جووڵانەوەی ڕەخنەگری‌دا بە گشتی چۆنە؟.

● **محمد البدری:** بەڵێ ڕەخنە هەیە. بەڵام لە ئاستی چاکی‌و پەسەندی داواکراودا نی‌یە. یان لایەنگرە یان هەڵوێستی ناحەزانە لە نووسەران دەوەستێ. پێوەندی ناسیاوی دەوری تێدا دەگێڕێت و ئەمە دروشمی زۆربەیەتی.

● **بەیان:** تەوەرەی سێ‌یەممان ڕێبازەکانی ئەدەبی کوردی‌یە، لەم ڕۆژانەدا ڕێبازەکان چین؟

● **محمد البدری:** ئەمرۆ لە ئەدەبی کوردی‌دا چەند ڕێبازێك لە گۆڕی‌دایە.

یەکەم: جووڵانەوەیەکی چاکی لاوان کە سەرنج ڕاکێشەو نووسەرانی لاو لەوپەری چالاکی‌دان و بزووتنەوەکەیان مایەی پەسەندی‌و گەرموگوڕی‌یە، ئەم ڕێبازەش واقیعی‌و ڕەسەنە، لە ڕابردووەوە سەری هەڵگرتووەو گەیشتووە بە ئێستاو بەرەو پاشەڕۆژ ڕێ‌دەگرێ. ئەم ڕێبازە دەتوانێ زیاتر قووڵ بێتەوە ئەگەر سوودی لە کەلەپوور وەرگرت دوای هەزم کردنی‌و ئاگاداری‌یەکی باش و ژیرانە.

دووەم: ڕێبازی ڕەفزکەری کەلەپوورو فۆلکلور کەوا بە شتێکی دواکەوتوویان دادەنێن. هەندێ لەوانەی لە ژێر کاریگەریی ڕۆژئاوادان ئەم ڕێبازە هان دەدەن. بە ڕای من ئەم ڕێبازە خزمەتی ئەدەبی کوردی ناکات بە هیچ جۆرو لە دواڕۆژدا سەرناکەوێ، چونکە لە بنەڕەتەکەوە پچڕاوە واتا بە بێ ڕەگە. ئێمە پێویستیمان بەو کەسە هەیە کە زیاتر هۆشیاری‌و ئاگایمان لا پەیدا بکات و پێوەندیمان بە ڕابردووەوە بەردەوام بکات تا بە هەنگاوی چەسپاو بمان گەیەنێتە پاشەڕۆژ... قەت وامەزانە شعرو ئەدەبی کوردیمان ڕاپەڕێ ئەگەر لە ڕەگەکانەوە دابڕاوبێت، هیوادارم خاوەنانی ئەم ڕێبازە کەمێك پشوو درێژبن و پەلە نەکەن و لەو پاڵەپەستۆیەی بە سەر ئەدەبی تازەمان دا دەیکەن خۆبکێشنەوە.

بەیان:

ئەمەش پێناسێکی نووسەرە:

- محمد نوري جاسم البدري
- بەکالوریوس ئادابی دەروونناسی.
- ئەم دیوانە شیعرانەی بە عەرەبی دەرکردووە: رذاذ الصدأ، أجنحة الصمت، كلمات من كوردستان، أغنية حب لنوروز.
- کۆمەڵە شیعری کوردی: ئای چەندم خۆش دەوێ.
- کتێبی هەڵبژاردە لە نەریتی گەلان بە کوردی
- ئەفسانە کە لە عەرەبی‌یەوە کردوویە بە کوردی
- چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان. کردوویە بە عەرەبی
- کۆمەڵێ چیرۆکی جاك لندنی لە عەربی‌یەوە کردووە بە کوردی
- نوێنەرایەتیی یەکێتی نووسەرانی کوردی کردووە لە زۆر میهرەجانی ناو وڵات و دەرەوەی وەکو ئەڵمانیای دیموکرات و یەکیەتیی سۆڤیەتی.
- چالاکی‌یەکی دیاری لە یەکیەتیی گشتی ئەدیبان و نووسەران دا هەیە.
- سەرۆکی یەکیەتیی ئەدیبان و نووسەرانی کوردە.
- جێگری یەکەمی ئەمین عامی یەکیەتیی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی هەرێمی عیراقە.